شیعر



رووزار ئەحمەد

# كۆكتێلەكانی مەرگ



کەس ئاگاداری نەکردمەوە و..
فیزەشم پێ نەبوو
نازانم لە کام کیشوەر و
ئۆقیانوسەوە..
رەنگە باوکم لە ئەستێرەکانەوە
بەڵام وەک لە سورەتەکانی نێو
کتێبەکانی "خودا" دەڵێن
باوە گەورەی ئەم کەشتییەیە
لە چەند مشتە خۆڵێک و ئاو و..
روحی خودا..
ئەم بنیادەمە هەموو شتێکی
جێی گومان و پرسیارە..
تۆ بڵێی ئێمە جودا نەبین
لە خودا و ئادەمییەکانی دی
ئەوە نییە بە دیار

کوچە و کۆڵانەکانی تاعونی
ئەو باوکانەوە
کە ئێوە دەتانگوت:
ئەوان نوێنەرایەتی خودان و
دەبێت تا هەتایە
ملکەچیان بن
ئەی ناڵێن ئەوەی "تف"ێک هەڵدا
نێوچەوانی خۆی دەگرێتەوە
خۆزگە بەقەد پەڵەهەورێک دەبوو
ئەو "تفە"ی باوکم
تا هەمووومان بە ئاشکرا
ئەو بانگەوازە "ساختە"یەیمان دەبینی و
ئەو سیما "زوحاکە"شی..
تۆ بڵێی ئێمە جودا نەبین
ئەوەتانێ بێ یەکتر ناچین "تا ئەو خوارە"
ئەوەندە فەوارەی
فرمێسکی باوکم بینی
تاوەکو بە تیمساحەکانی
دەریاکەی خۆمانم گوت:
"رەحمەت لە بابی با"
بەس نییە ئێوە
بانگەوازی حەقتان هەبوو و
باوەڕی یەقینیشتان پێ دەکرد و
لە گۆڕەپانەکانی مردنیشدا
یەک حەقیقەتتان گوێ لێ بوو
"مردن لە پێناوی وەتەندا"
هەرچەندە نیشتمان
لە جیاتی "ئاوی کەوسەرە و خاکی گەوهەرە.."



ئەو نیشتمانە میهرەبانە نەبوو
کە چۆلەکەیەک نەتوانێ
بە بێچووی هەڵکڕوزاوی خۆی بڵێ:
ئەوە ئەجیالەکانی من بوو
مەیانکوژن با سبەینێ
ئاسمان زویر نەبێ..
ئاخر کۆشی من هیچی
لەو فڕینانە نەبینی زیاتر
لە باڵە فڕەکانی جەنگ

گوێم لە خوێندنی یەک باڵندە نەبوو زیاتر
لە وەیشوومەی کوندەبەبووەکانی خاپوور
لە چ کتێب و فەرمووەدەیەکی پەروەردەدا هەبووە
باوک منداڵی پەلکێش کات و
نەزانێ لە چ قۆناغێکی رەودا
گیانی دەسپێرێ

ئەوان خۆیان نا
یەکێکی غەیرە دین هات و
باسی "قەتل و عام"ەکانیانی کرد
لەسەر دێرەکانی ئەوانەوە
مێژووی تازە جارێکی تر
بە قیافە ساختەکەی
خۆیدا هات و گوتی:
ئەرمەنەکانی دونیا ببوورن و
دەبێت ئەم گەلە "ئیعتیباری" بۆ بکرێ
ئەوانە نەفامن..
بە قەدەری مرۆڤەکان گەمە دەکەن و
نازانن سبەینێ حیکایەتەکان
یەک یەک خۆیان دەگێڕنەوە و

له هەر کوێیەک بێت قەلەڕەشکەکان
هەر دەبێت باجی ئەو روحانە بدەن
کە لە گیانی پەپوولە ناسکتر و
لە ماڵی هەنگ قەشەنگتر
ئێستا ماڵەکان لە ماڵی جاڵجاڵۆکە دەچێ
پڕن لە قاچ و دەست و سەری بڕاو
کەس ئاگاداری نەکردمەوە و
فیزەشم پێ نەبوو
نازانم ئاخۆ ئەم دەست و قاچ و سەرە هی منن؟؟
یان بە ڕێکەوت
من ئێستا کۆکتێلێکم لە پاشماوەکانی جەنگ....

